# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی بیست وسێهەم: بەخشین

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثالث والعشرون: الهبة والعطية

< kurdish - كردي - کوردی >


## دەستە بژێرێک لە زانایان

## نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# بەخشین

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی لە بارەی بەخشینەوە سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانای بەخشین و بەڵگەکانی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی بەخشین، بابەتی سێهەم : هەندێك حوکمی پەیوەست بە بەخشین .

**بابەتی یەکەم : مانای بەخشین و بەڵگەکانی :**

1- **مانای بەخشین** : بریتیە لە بەخشینی ماڵێکی دیاریکراو یان هەر شتێکی تر لە لایەن کەسێکی هەڵسوکەوت دروستەوە لە ژیانی خۆیدا بە کەسێکی تر، بەبێ بەرامبەر .

2- **حوکمی بەخشین وبەڵگەکانی** : ماڵ بەخشین کارێکی موستەحەب وچاکە، ئەگەر هاتوو مەبەست لێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، وەك بەخشینی ماڵ بە کەسێکی خواناس، یان بەکەسێکی هەژار و نەدار، یان بەخشینی بە خزم وکەسوکار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی خزمایەتی نێوانیان، بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : **{ تهادوا تحابوا }** [1] ، واتا : دیاری ببەن بۆ یەکتری خۆشەویست دەبن لای یەکتری .

هەروەها عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : **{ كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) يقبل الهدية و يثيب عليها }** [2] ، واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) دیاری وەردەگرت و پاداشتی ئەو کەسەشی دەدایەوە کە دیاریەکەی بۆ هێناوە .

(1) بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە، (169/6)، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : پەرتوکی الإرواء فەرموودەی ژمارە (1601).

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2585) ڕیوایەتی کردووە .

لەگەڵ ئەوەدا دەبێت ئەوە بزانین کە دیاری بردن ئەگەر مەبەست لێی ڕیایی و ڕوپامایی و ناوبانگ دروست کردن بێت کارێکی نەشیاو نەخوازراوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا .

**بابەتی دووەم : مەرجەکانی بەخشین :**

بەخشین چەند مەرجێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانیش بریتین لە : -

1- دەبێت کەسێك ببەخشێت کە هەڵسوکەوت و کار وکردەوەی دروست بێت، ئەویش بەوەی کە کەسێکی ئازاد وژیری و باڵغی ڕەشید بێت .

2- دەبێت ئەو کەسەی کە ماڵێك یان شتێك دەبەخشێت بە ئارەزووی خۆی بێت، وهیچ جۆرە زۆرلێکردنێکی تێدا نەبێت، چونکە ماڵ بەخشین بە زۆر دروست نیە .

3- دەبێت ئەو ماڵەی یان ئەو شتەی کە دەبەخشرێت، کڕین و فرۆشتنیشی دروست بێت، چونکە ئەو شتەی کە کڕین وفرۆشتنی دروست نەبێت بەخشینیشی دروست نیە، وەك بەراز و مەی و شەراب و هاوشێوەکانیان .

4- دەبێت ئەو کەسەی کە ماڵەکەی یان شتەکەی پێ دەبەخشرێت، ئەو بەخشینە قبوڵ بکات و پێی ڕازی بێت، چونکە بەخشین گرێبەستی بە موڵك کردنە، ئەو گرێبەستەش پێویستی بە پێدان و قبوڵ کردنە .

5- دەبێت بەخشین بۆ هەمیشەیی بێت، بۆیە دروست نیە بەخشین بۆ کاتێکی دیاریکراو بێت، بۆ نمونە کەسێك بە کەسێکی تر بڵێت : ئەم شتەم بۆ ماوەی مانگێك یان ساڵێك پێ بەخشیت، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا، بەخشین گرێبەستی بە موڵك کردنە، بە موڵك کردنیش بە شێوەی کاتی نابێت و دەبێت بە هەمیشەیی بێت .

بۆیە ئەگەر کەسێك ماڵێك ببەخشێت بە کەسێك تا ماوە لە ژیاندا ئەوە ئەو بەخشراوە دەبێت موڵکی پێ بەخشراوەکە و بە مردنیشی بەخشراوەکە ناگەڕێتەوە بۆ بەخشەرەکە، بەڵکو بۆ میراتگرانی پێ بەخشراوەکە دەبێت، هەروەها ئەگەر شتێکی بەخشی بە کەسێکی وتی: هەر کەسمان پێشتر مردین بەخشراوەکە بۆ زیندووەکەمان بێت ئەمەش هەر بەخشینەکە دەبێت موڵکی پێ بەخشراوەکە و دوای مردنیشی بۆ میراتگرانیەتی و ناگەڕێتەوە بۆ بەخشەرەکەی.

لەم بارەیەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە : { عَنْ جَابِرٍ رضی الله عنه قَالَ قَضَى النَّبِيُّ ( صلى الله عليه وسلم ) بِالْعُمْرَى أَنَّهَا لِمَنْ وُهِبَتْ لَهُ } [1]، واتا : جابیری کوری عەبدوڵڵا ( ڕەزای خوایان لێ بێت ) دەڵێت : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی کەسێکەوە کە ووتبووی : فلان شتت پێ دەبەخشم تا ئەو کاتەی لە ژیاندام - واتا : پاش مردنم دەبێت بیگەڕێنیتەوە بۆ منالەکانم – بڕیاری دا کە ئەو شتە بۆ ئەو کەسە بێت کە پێی بەخشراوە، و نەیگەڕێنێتەوە بۆ منالَ و میراتگرەکانی .

بەڵام کۆمەڵێك لە زانایانی وەك زوهری و ئیمام مالیك و ئەبو ثەور و داودی زاهیری و ڕایەکی ئیمام ئەحمەد کە ئیبن تەیمییە لای پەسندە، دەڵێن ئەم مەرجەی بەخشەرەکە دایناوە دروستەو کاری پێدەکرێت.

لەبەرانبەردا زانایانی شافیعی و حەنەفی و ئیمام ئەحمەد -کە ئەم رای مەشهورە لە ئیمام ئەحمەدەوە: دەڵێن ئەم مەرجانە بەتاڵە" ماڵە بەخشراوەکە دەبێتە موڵکی پێ بەخشراوەکە.

6- دەبێت بەخشین لە بەرامبەر شتێکدا نەبێت، و برِیتی لە بەرامبەردا وەرنەگیرێت، لەبەر ئەوە خۆبەخشانەیە، وەك کڕین وفرۆشتن نیە لە بەرامبەر شتێکی تردا بدرێت .

**بابەتی سێهەم : هەندێک حوکمی پەیوەست بە بەخشین :**

بەخشینی ماڵ، یان هەر شتێکی تر چەند حوکمێکی تایبەتیان هەیە، ئێمە ئاماژە بە گرنگترینیان ئەکەین :-

1- ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە شتەکەی پێ بەخشراوە بە مۆڵەتی کەسی بەخشندە ماڵەکەی وەرگرت، ئەوا بەخشینەکە بەخشینێکی تەواوە، و کەسی بەخشەر بۆی نیە لە بەخشینەکەی پەشیمان بێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { العائد في هبته كالكلب يقئ ثم يعود في قيئه } [2] ، واتا : ئەو کەسەی لە بەخشینەکەی پەشیمان دەبێتەوە، وەك ئەو سەگە وایە کە دەرِشێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ڕشانەوەکەی .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2625) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1625) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2622) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1630) ڕیوایەتیان کردووە .

مەگەر ئەو کەسەی کە ماڵەکە دەبەخشێت باوکی ئەو کەسە بێت کە شتەکەی پێ دەبەخشێت، چونکە باوك دەتوانێت پەشیمان بێتەوە لەو شتەی کە دەیبەخشێت بە کوڕەکەی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵلای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، ودەڵێت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا يحل للرجل أن يعطي العطية فيرجع فيها، إلا الوالد فيما يعطي ولده } [1]، واتا : دروست نیە بۆ هیچ کەسێك کە شتێك ببەخشێت و پاشان پەشیمان ببێتەوە لێی، بۆ باوك نەبێت ئەگەر شتێکی بەخشی بە کوڕەکەی – واتا : باوك بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە لەو شتەی کە بەخشیویەتی بە کوڕەکەی - .

2- واجبە باوك جیاوازی نەکات لە نێوان منداڵەکانیدا کاتێك شتێکیان پێ دەبەخشێت، ئەگەر هاتوو جیاوازی کردو شتێکی بەخشی بەیەکێکیان و نەیدا بەوانی تر بەبێ ئەوەی ئەوانەی پێیان نەدراوە ڕازی بن، ئەوا ئەو بەخشینە ڕاست ودروست نیە، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕازی بوون ئەوا بەخشینەکە دروستە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی : { عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ أَنَّ أَبَاهُ تصدق عليه ببعض ماله، فقال له النبي ( صلى الله عليه وسلم ) « أَكُلَّ وَلَدِكَ أعطيتَ مِثْلَه »، قَالَ لاَ، قَالَ : فاتقوا الله، واعدلوا بين أولادكم ) وفي رواية ( لا تشهدني على جور ) } [2] .

نوعمانی کوڕی بەشیر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت، باوکی هەندێك ماڵی پێ بەخشی، پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : ئایا ئەمەت بەخشیوە بە هەموو منداڵەکانت ؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی : نەخێر، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرمووەوە : لەخوا بترسە، وادیپەروەربە لە نێوان منداڵەکانتدا، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە پێی فەرموو : من مەکە بە شاهید لەسەر زوڵم وستەم .

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3522)، وە تیرمذی بە فەرموودەی ژمارە (1299)، وە تیرمذی ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، وە ئیبن ماجە بەفەرموودەی ژمارە (2377) ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەلبانی ئەم فەرموودەیەی بە فەرموودەیەکی صەحیح داناوە، بڕوانە پەرتووکی : الإرواء : فەرموودەی ژمارە (1624).

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2586) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1623) ڕیوایەتیان کردووە .

3-ئەگەر هاتوو باوك لەكاتی سەرەمەرگیدا فەزڵی هەندێك لە منداڵەكانی دا بەسەر هەندێكی تریاندا، یان هەندێكیانی تایبەت كرد بە بەخشینی شتێك و ئەوانی تری لێ مەحروم كرد، ئەوە دروست نیە، مەگەر كاتێك نەبێت میراتگرەكانی تر ڕازی بن لەسەر ئەو كارە .

4-دروستە بەخشین گرێبدرێت بە ڕوودانی شتێكی ترەوە، وەك ئەوەی كەسێك بڵێت ئەگەر فلان كەس لە سەفەر گەڕایەوە، یان ئەگەر باران باری فلان شتت پێ دەبەخشم .

5- دروستە كەسێك قەرزی لای كەسێك بێت، بڵێت ئەو قەرزەی هی منە ولەسەر تۆیە پێم بەخشیت، ئەمەش بە پاك بوونەوەی ئەستۆی ئەو كەسە دادەنرێت لەو قەرزەی لەسەری بووە .

6- نابێت دیاری و بەخشین هەرچەند كەمیش بێت ڕەد بكرێتەوە و وەنەگیرێت لەو كەسەی دەیبەخشێت، وە سوننەتە لە بەرامبەریشدا مرۆڤ پاداشتی ئەو كەسە بداتەوە كە ماڵێك یان شتێكی پێ دەبەخشێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێشتر ئاماژەمان پێدا كە عائیشەی دایكی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : { كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) يقبل الهدية و يثيب عليها }[1] ، واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دیاری وەردەگرت و پاداشتی ئەو كەسەشی دەدایەوە كە دیاریەكەی بۆ هێناوە .

لە كۆتاییەوە دەبێت ئەوە بزانین بەخشین لە ماڵ وسامان كەم ناكاتەوە وزیادی دەكات، وەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { ما نقصت صدقە من مال } واتا : ماڵ بەخشین و صەدەقە كردن لە ماڵ كەم ناكاتەوە .

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواكارین بەرەكەت بخاتە نێو ماڵی ئەو كەسانەی كە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا ماڵو سامانیان دەبەخشن بە هەژاران ونەداران وخاوەن پێداویستیەكان ] وەرگێڕ .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2585) ڕیوایەتی كردووە .